# حەوتەمین ڕۆژ

جەلیل کاکەوەیس

- ئەوە کێیە؟!

یەکێ لە دەرگا دەدات و زاتی بەدەنگەوە چوونیم نییە. دەزانم ئەم مانگە خاکەلێوەیە، خاکەلێوەش لای من، یان خۆڵ باران بووە، یان لافاو. لەوە دەترسم دەرگا بکەمەوە و ئەوەی لەبەر دەرگایە پێم بڵێت؛ «لافاو ئەوەندە و ئەوەندە لاشەی لەگەڵ خۆی هێناوە و... وەرە بزانە کەسێکیان ناناسیتەوە؟». لە دەرزێکی دەرگاکەوە تەماشای دەرەوە دەکەم و کەس نابینم، دەگەڕێمەوە و دەنگی دایکم بە ئاستەم و لە دوور دوورەوە دەبیستم، «خودا لەم مانگەدا ڕەنجێکی زۆری کێشاو لە حەوت ڕۆژدا بەری ڕەنجەکەی خۆی چڕ کردەوە؛ ئیدی لە هەر ڕۆژێکدا شتێکی دروست کرد و بەلایەکی بۆ قوت کردەوە و ئیدی ئاوها..». من ترساوی پشت دەرگایەکی ئەم کۆڵانەم و دەزانم هێشتا چ دەرگایەک درزی تێنەکەوتووە، دەزانم تارمایی ترسێک ئەترەشی هەر بوونەوەرێکی بردووە، ترسی بینینی ئەو لاشە شین هەڵگەڕاوانەی سەر ئاو دەکەون و گۆڕغەریب دەبن، ترسی ئەوەی کڵاو ڕەشەکان وەربنە کووچە و کۆڵان و بەشەق و شولاق دەرگاکان بکەنەوە و بڵێن؛ «دەی وەرنە دەرێ دەویت باوکانە، دەڵێی. دێڵەسەگی تازە تەرەکیون و کونی ماڵەوە بەرنادەن... وەرن تەماشای ئەو لاشە گەنیوانە بکەن، بەڵام بەو خودایەی ئێوەی بە زەلیلی و چاوشۆڕی دروست کرد، ئەوەی بڵێ کەسیان ناناسم، دەیدەینە دەم لافاوەوە.. ئیتر خۆتان دەزانن چۆن ئێوەش دەبنە کەلاکێکی تۆپیو و بۆگەن!!».

ئێستا ڕۆژ بووەتەوە و گوێم هەڵخستووە، دەبیستم و بڕواناکەم، هەموو دەرگایەک بە حوجەت لێدەدرێ؛ «وەرنە دەرێ، لافاو نیشتووەتەوە، لافاوی ئەم خاکە لێوەیە هەموو کڵاو ڕەشەکانی لەگەڵ خۆیدا لوولدا و بردنی، وەک ئاومالّک کەوتوونەتە سەر ئاو و لەگەڵ شەپۆلەکاندا ون بوون». بە دڵە کوتێ و ترسەوە دەرگاکەم کردەوە و تێکەڵی هەزاران ڕوخساری گەشکەبردوو بووم. ئیدی لە هەر دەرگایەکەوە سیمایەکی تۆقیو دەردەپەڕی و یادی ئەو خاکە لێوەیەی لە خەیاڵدا زیندوو دەبووەوە کە خوامراد کەڵەوی و ژنە دوو گیانەکەی بوونە تیکەنانێک و قووت دران، تەنیا لە یادی هەندێکدا وەک تارماییەکی لێڵ مابوون، تارماییەک کە ئەوسا خوامراد کەڵەوی و ژنەکەی وەک با هەڵیان کرد و لەنێو هەڵەتەکانی دوحێلە لە چاوان بزر بوون، ئێستا ئەوەی لە دوای ئەو دووە جێماوە ئەو دوو ژوور و هەیوانە ڕووخاوەیە، کە فانۆسێکی ژەنگن و لەتە کراس و سوخمەی ئاگر بارانەی ڕزیو و قۆناغە تفەنگێکی شکاو لەنێو قایەی سوور و گەچی وردوخاش بوو بە عاستەم نیوەیان بەدەرەوەیە، ئەم دیمەنە ڕۆژانە دڵی لافاوزەدەکان دادەخورپێنێت، کەچی ئەوانەی کەتنی خاکە لێوەکان و لافاوەکانیان نەدیوە، هەر ئاوڕیش لە دیمەنی



کەلاوەکە نادەنەوە.

هەر ئەو ڕۆژە لەگەڵ سەدان ڕوخساری تۆقیودا لەنێوان بڕواکردن و بڕوانەکردندا، ڕووم کردە شوێنەواری کەتنەکانی لافاو، لەوێ وەک لاڵێک تەنیا گوێم هەڵخستبوو، بەگوێی خۆم بیستم؛ «ئێرە ڕێژگەی ئاوەڕۆی شارە، دوو کەفە سپییەکە هەر لێرە دەرکەوتن، دوو کەفی سپی یەکێکیان گەورە و ئەوی دی بچووک، کەوتنە سەر ئاو و تەوژمی شەپۆل لای دانە لاوە.» هێشتا کەفی سپی لای من لە کەفێکی ئاسایی پتر نەبوون، لەبەر خۆوە گوتم؛ «دایکم باسی ئەوەی بۆ نەکردم کە خودا لە حەوت ڕۆژەکەدا کەفی سپی و کڵاو ڕەشەکانی دروست کردووە، یان نا... تۆ بڵێیت هەر لەو حەوت ڕۆژەدا ئەمانەشی دروست کردبێت؟ خۆزگە هەر دروستی نەدەکردن.». ئەوەندەی نەبرد دەنگۆی دوو کەفە سپییەکە وەک با بەنێو خەڵکەکەدا هەڵی کرد؛ «دوو کەفە سپییەکە بوونە دوو لەپە گۆشت، دوو لەپە گۆشتی پیرەڵۆک و وا لەسەر زیخ و چەوی خاسە لەبەر تیشکی هەتاودا دەبریسکێنەوە.»

دوو کەفە سپییەکە بوونە بنێشتە خۆشەو کەوتنەسەر زاران، لە زەینی هەر کەسێکدا پەرجوویەک سەری هەڵدا، ئاخر لافاوی ئەم خاکەلێوەیە لە بری لاشەی گۆڕ غەریب دوو کەفی سپی هێنا بوو، کەفی سپیش بوو بوونە دوو لەپە گۆشتی نەکردەنی، بنیادەم تا پتر زەینی بدانایە، سەیرتر دەهاتنە بەرچاو، جارێ بە دوو مەلۆتکەی پیرەڵۆک و بێ زمان و کەڕولاڵ دەچوون، کە قژی تازە دەرهاتوویان لە خورییەکی سپی و هەلاجی کراو دەچوو، دوو مەلۆتکەی چاو نەپشکووتووی گەورە و بچووک، گەورەکەیان مێینە و بچووکەکەش نێرینە. گاوێکی دی ڕەنگی پێستیان چون ماسییەکی تازە لە ئاو دەرهاتوو خاو و گرژ دەبووەوە، ڕەنگیان لە زەرد ئاماڵەوە دەبووە چویتییەکی تێر و ئینجا دەبووە پێستێکی سووتاو و هەڵقرچاو.

هەستم دەکرد زەینی منیش وەک ئەو سەدان زەینەی ئاپۆراکە تێکەڵی ئەو دیوی خەیاڵ و ئەفسانە دەبوو؛ «ئەم نێرینە و مێینەیە هاوسەری یەکن، ئەمانەش یەکێکن لەو ئافەریدانەی کە خودا لە حەوت ڕۆژەکەدا خەڵقی کردن. خودایە ئێمە ڕەگ و ڕیشەکێن لەم دووە، ئەم دووەش بەدەستی کڵاوڕەش گۆڕ غەریب کراون، خودا هەزار گوناه و تۆبەیەکی زەلیلانە!». ئیدی لە چاو ترووکانێکدا دوو کەفە سپییەکە لە خەیاڵ و هزر ئاوابوون و مێینە و نێرینەیەک لەشێوەی داپیرە و باپیرە کەوتنە سەر زاران و ئەو ڕۆژە شەوی بەسەرداهات.

ئێستاش ڕۆژی دووەمی سەرهەڵدانی دوو کەفە سپییەکەم لەبەر چاوە، کە چۆن حەشیمەتێک بوونەتە دارە قوڵە بەدەست و ڕژاونەتە نێو بەستەکەوە، کەوتوونەتە سەر ئەڵهایەک و مارێنزیش بەریان لێناگرێت. ئیدی تا دەمی خۆر لەزەردە هەرکەسە و لەدەوانی ئەوەدا بوو، بەر لە تاریکان بە بینینێکی دوورا و دووری داپیرە و باپیرە بگاتە مراز، نەخۆشی درمداری نێو خەڵکەکە بەنرکە و ناڵەوە بۆ پەڕینی درم و پەتای پشتاوپشتی خۆی بکێش دەکرد.

ئێستا سێیەم ڕۆژ بوو، نەدەرگایەک پێوە درابوو، نەکەسێکیش بەلای کاری خۆیدا دەچوو، شار بچووک بوو بووەوە و لە شێوەی تۆپەڵێکدا لەنێو بەستەکە خڕ بووبووەوە، هەستم ڕاگرت سیمای حەشیمەتەکە نەترسی پێوە دیار بوو، نە پەشۆکان، بەڵکو تەنیا پرسیارێکیان لەسەر زار بوو؛ «ئەرێ داپیرە و باپیرە کوان!؟». لە گەرمەی ئەم پرس کردنەدا چەند دەمامکدارێک بە دووی تەڕ پۆشێکدا دریان بە ئاپۆراکەدا؛ «ئەوە میکایل بڕۆی دەمڕاست لە هەوارگەی خیام وەستا، ئەوا دەستی نزا و پاڕانەوەی هەڵبڕی و داوای پیرۆزی لە داپیرە و باپیرە دەکات!». حەشیمەتەکە گوێ بەگوێی میکایل بڕۆ هەر لەدووڕا دەستی نزایان بەرزکردەوە و خڕ بەچۆکدا هاتن؛ «خودایە بە گەورەیی خۆت و میهرەبانی داپیرە و باپیرە بەزەییەکت پێماندابێتەوە و ئیدی دیمەنی ئەو لاشە گۆڕغەریبانەی خاکە لێوەکانمان نیشان نەدەیتەوە کە بە بەرچاوانمانەوە تێدەپەڕین و بزر دەبوون و کەسێک نەیناسینەوە! بەڵام هۆ میکایل بڕۆ دەستمان دامێنت داپیرە و باپیرە لەو شوێنە پیسە دامەنێ، ئاخر ئەو شوێنە بە ئاوی هەزار لافاویش بسمیل نابێت، هەزاران نامووسی لێ هەتک کراوە، دایان مەنێ، لەوراکە دایان مەنێ میکایل بڕۆ...».

دەمی دەمامکدارێک لە پەناگوێی میکایل بڕۆ نزیک بۆوە و بڵندگۆیەکی لە حەناس دەمی ڕاگرت؛ «دوو فریشتەی خودایی، لە شێوەی دوو کەفی سپیدا بەدەم لافاوەوە هاتن و دەرگاکانیان بۆ کردینەوە، فریشتەش لە تەگبیری خوادا دەرناچن، ئیدی هەر ناوێڵییەک، هەر زەللەیەکی زمانی ئێمە دەبێتە مایەی زمان نەکرانەوەی ئەوان... ئەوسا. ئەو ڕازەی وا پێیانە بە زاریاندا نایات و لەگەڵ خۆیاندا دەیبەن و هەتا هەتایە نای بیستین.» لەگەڵ کپ بوونی بڵندگۆکە سامێک نیشتە سەر حەشیمەتەکە.

لە ڕۆژی چوارەمی دوای پەیدابوونی دوو کەفە سپییەکە. لە چاو ترووکانێکدا لە هەر دەرگایەکی

کراوەوە ڕوخسارێکی پەرۆش و دەم پڕ لە پرسیار دەهاتەدەرێ. هەموو ڕوخسارەکان بوونە حەشیمەتێک و هەر لە حەناس ڕێڕگەی ئاوەڕۆی شار یەکانگیر بوون. ئەمێستا هەر مەژگێک حەکایەتێکی ئەفسانەیی تێدا بوو، هەر کەللەسەرێک بەسەودایەکەوە خەریک بوو؛ دوو فریشتەی گولڕەنگ لەشێوەی دوو باڵندەی ئەفسانەیی، هەریەکەیان نامەیەکی بچکۆلەو لەشێوەی قەزمە نوشتەیەکدای بە بن باڵەوە بەسترابوو، کەسێک نەیدەزانی ئەو دوو فریشتە باڵندەیە لە کوێوە هاتوون و ئەو نامەیەی بن باڵیان چ پەیامێکی تێدایە! هەر مەژگە و حەکایەتەکەی لە شوێن و سەردەمێکی دیکەوە هەڵێنجابوو؛ ژن و پیاوێکی جادووگەر خۆ لە شێوەی دوو کەفدا دەنوێنن و گەمە بە چاو و ئاوەزمان دەکەن.

لە غایلەی نێو سەدان حەکایەتدا چاوی حەشیمەتەکە بە خێوەتێکی قووچ و قارچک ئاساوە ڕووا. ئەمێستا خێوەتەکە لە زەینمدا- ڕەنگە لە زەینی ئەوساتەی حەشیمەتەکەشدا- ئەو شوێنە دۆزەخییە بوو، کە لە شێوەی قارچکێکی گەورەدا هەڵتۆقیبوو! هەر فریوێکی ئەفسوونکارانەش بوو داپیرە و باپیرەی گەیاندبووە نێو لۆچ و پێچەکانی خارچکەکە هەر لەم ساتەدا گوێم لە هاژە و لرفەیەک بوو، کە بە پانایی بەستەکە دەنگی دایەوە؛ «بۆنی ئەو خارچکە سەگانەیە کوشتمانی، بۆگەنی خارچک دنیای پڕ کرد..!!». هەر لەم ساتەدا هەڵاوێکی گەرم و خنکێنەر بۆگەنییەکی بە چوار دەوری خێوەتەکەدا پەخش کرد، ئیدی داپیرە و باپیرە چۆن لە شێوەی دوو کەفدا هاتن، هەر بەو ئاوهایە لەگەڵ پەیدابوونی بۆنەکەدا بوونە هەڵم و هەتەریان نەما. لەوەولا هەرکەسە و پەرەکەی لووتی دەکردەوە و بۆنی دەکرد، هەرکەسە و لەدەوانی ئەوەدا بوو بۆنەکە بناسێتەوە؛ «بۆنی ئەو گڕاوە نەحلەتییەیە کە پشتاوپشت گێژە و حۆلی کردووین!»، «بۆنی ئەو سێوە ڕزیوەیە کە... وای هەناسەم سوار بوو!»، «بۆنی مشکی تۆپیوە و لەو خارچکە سەگانەیەوە دێت..!!»، «بۆن دێ، بۆنی بێگانان دێ، لەم دەورو... وەی هەناسەم توندە!». بەم تەرحە حەشیمەتە کە پۆلە زارۆکێک بوون و گەمەی بۆنیان دەکرد، بۆنیان بەدەست و پل و جل و بەرگی خۆیان، بەوی تەنیشتیانەوە دەکرد. ئیدی هەریەکە و لووتی دەژەنییە ئەوی تەک خۆی هێڵنجی دەدا و قوڵپ قوڵپ دەڕژایەوە.

لەو دەمەیدا کە ئاپۆراکە لە گەرمەی بۆن بە یەکەوە کردن و هێڵنجداندا بوون، دەنگی میکایل برۆ بەرز بووەوە؛ «هەر ئێستا نیگامان بە ورشەی دوو نووری پاک، بە دیداری داپیرە و باپیرە ڕووناک دەکەینەوە.».

ئیدی هەر نیگابوو بەرەو بەرزایی قەڵا هەڵدەکشا، لەوێ لەسەر پەردەیەکی ڕووناک و بەرین لەگەڵ داپیرە و باپیرەدا یەکانگیر دەبوو؛ لەوێ هەریەکەیان بە تەنیشت ئەوی ترەوە لەسەر نوێنێکی مەخمەڵی وەک ئەوەی لە خەوێکی قووڵدا بن، ڕاکشابوون. جەستەیان لە گەردن بەرەو خوار بە قوماشێکی پەمەیی ئاوریشم ئاسا داپۆشرا بوو. تیشکێکی تریفە ئاسا دەکەوتە سەر ڕوخساریان و هەر جارە و بەڕەنگێ دەگۆڕا؛ سپی، سوور، قەرسیلی. حەشیمەتی وڕوکاسی نێو بۆن و هێڵنجدان کەوتنە نێو ئەفسوونی ڕوخسارە هەمە ڕەنگەکانی داپیرە و باپیرە؛ «ئەوا داپیرە و باپیرە سەرکەوتن و لەو بەرزاییەوە نوێژ و نزامان بۆ دەکەن».

غایلەی نێو حەشیمەتەکە وەک با هەڵیدەکرد و دەگەیشتە نێو خێوەتە خارچک ئاساکە، لەولاوە بایەکە دەی گۆڕی و دەنگی میکایل برۆی بەسەر حەشیمەتەکەدا دەهێنا؛ «ئەو دوو فریشتەیەی ها لەو بەرزییەن، داڵغەی ناو مەژگمان دەخوێننەوە، هەر زەللەی زمانێک، هەر نیازێکی زڕی ناو کەللەسەری زرکەتاڵمان، ئەو دوو فریشتەیە دەڕەنجێنێت، ئێ هەرکە ڕەنجان ئیتر وەک دوو پاساری سرک دەفڕن و لە دەستمان دەردەچن. ئاخر کە ڕوحیش نەما ئەوسا لە دوو جەستە، دوو تالۆرەی بەتاڵمان پتر بۆ نامێنێتەوە. لەوەولا دەبێ هەتا ماوین دوو قالۆرەی بەتاڵ بدەینە چک شانمان و کوناو کون بیان گێڕین. وەی لە قورسی و گرانی دوو جەستەی ڕزیو!».

لەگەڵ کپ بوونی دەنگی میکایل برۆ، تاریکی ڕژایە سەر پەردەکە و بۆنەکە سەری کردەوە هەناوی خەڵکەکە؛ «بۆگەنی ئەو خارچکە سەگانییە هەناومانی پساند، وەی بۆگەنی تێکەڵی ڕوح و خوێنمان بوو!».

بڵندگۆکە جارێکی دی دەنگی میکایل برۆی گەیاندە بۆنکەران؛ «منیش وەک ئێوە بۆن دەکەم، وەلێ دڵی خۆم بەوە دەدەمەوە کە هەر لایدەیەک، هەر ڕێبوارێکی غەریبە لەگەڵ خۆیدا بۆنێک دێنێت. ئەوەتا داپیرە و باپیرەش لەگەڵ خۆیاندا بۆنێکی بەهەشتیی نوێیان بۆ هێناوین.. بۆن بکەن.. هەر بۆن بکەن... با بۆن بە پێست و گۆشت و ئێسکتاندا ڕۆبچێت. بۆن بکەن، وا تاریک داهات و بۆنی شەو دێت...» بۆنکەران چەشنی تۆپەڵە تارماییەکی لێڵ، لێرەو لەوێ بەدەم بۆنکردنەوە لەنێو گوزەرەکاندا نوقم بوون.

پێنجەمین ڕۆژی دەرکەوتنی داپیرە و باپیرە، لەبەردەم خێوەتە گەورەکە وەستام، وام هەست دەکرد تەنیا منم ئەڵهای بینینی داپیرە و باپیرە حەجمینی لێ هەڵگرتووم و هاوکات بۆنێکی قێزەون گێژ و حولم دەکات، کەچی

حەشیمەتێک وەک ئەوەی هەموو زیخ و چەوی خاسە بووبێتنە بەشەر، وەکو من بۆنیان دەکرد و لەسەر پەردەی سەر بەرزاییەکە نیگایان بە هێڵێکی خوار و خێچەوە ڕووا بوو. لە سەرەتای هێڵەکەوە نووسرابوو: دوحێلە و لە کۆتایی هێڵەکەش نووسرا بوو: ڕۆخی بەرانبەر خانەقا. لە دامێنی هێڵەکەشدا ئەمە نووسرا بوو: کارێزێکی کوێرەوە بووی چاخی نووزی.

ئەو ڕۆژە تا تاریکانێکی درەنگ نەداپیرە و باپیرە لە خەیاڵدا مابوون، نەخارچکە سەگانییەکە، نە کەسێک بۆنی دەکرد و نە میکایل برۆ وشەیەکی لە زار دەرچوو، تەنیا نیگای حەشاماتەکە بوو، بەو هێڵە خوار و خێچەی سەر پەردەکەوە ئاڵکابوو. هەرکەسە و لە حەناس خۆیەوە سەردەمێکی دەخوێندەوە؛ لافاوە ترسناکەکانی هەر خاکە لێــــوەیەک، ئەو ڕۆژەی خــــوامـــراد کـــەڵەوی و ژنە دووگیانەکەی لەنێو هەڵەتەکانی دوحێلە بزربوون، ئەو کۆنە کارێزەی شەوان ڕاوە کۆترە باریکەیان تێدا دەکرد.

بەیانی ڕۆژی شەشەم، هێشــتـا تاریک و ڕوون بە ئاستەم لێک ترازابوون، ئەڵهای دیداری داپیرەو باپیرە پەلکێشی کردم، کەچی دەبینم بەر لە من ئاپۆرایەکی بەشەر بە دەوری خێوەتە کوارگ ئاساکەدا خەرمانەی داوە. هەر لەو دەمەدا تیشکێکی تریفەیی کەوتە سەر پەردەکە و داپیرە دەرکەوت. ئەمێستا سەری گرتبووە قوتەوە و دەست و پێیەکانی بە عاستەم دەبزوان، کەچی باپیرەی چکۆلە جەستەی وێک هاتبۆوە و هەر ئەوەتا هەناسەی دەهات و دەچوو، هەناسەیەکی سەرە مەرگانە، سەدان چاو بە جارێک ترووکان و یەک نیگایان دەکرد، نیگایەک داپیرەی لەنێو تیشکی نیوە کۆلکە زێڕینەیەکدا دەبینی، چوار مشقی دانیشتووە و بێ ئەوەی تنۆکە عەسرێک لە چاوانی داباڕێن، بە کپی لاشەی سارد و سڕی باپیرەی دەلاواندەوە. سەدان گەروو بوونە یەک و یەک حەسرەتیان دەربڕی؛ «باپیرە جێی هێشتین.. وەی ڕێبوارە ماندووەکە، نە تۆ چاوت هەڵێنا تا سەرگەردانیی ئێمە ببینیت، نە ئێمەش گوێمان لەسەربردەکەی تۆ بوو، وەی باپیرە وەی!!».

میکایل برۆ بە گەروویەکی سۆزناکەوە، پشکۆی حەسرەتی پرسەدارانی گەشاندەوە؛ «نیوەی سەر بردەکەمان لە دەست چوو، ئەمێستا نیوەکەی تر لە سنگی داپیرەدایە و هاکا زمانی کرایەوە.» ئیدی هەرکەسە و بە ئەڵهای بیستنی نیوە سەربردەکەی دی ملی نایە تاریکی گوزەرەکانەوە.

* * *

هەر ئەو شەوە هەرچی ڕوح لەبەرە خەونی بینی؛ ژنێکی زەیستان خەونی بینی کە لەسەر هەردەی جەوەڵبۆر وەستاوە و تەماشای ئەو لافاوەی کردووە کە ملی ناوەتە شارەوە، ئیدی شار چون پاپۆڕێک سەر ئاو دەکەوێت. پاپۆڕ لمووزی لەباشوور و پاشەڵی لە باکوور. لەو دەمەدا وا هەست دەکات جەوەڵبۆر جوودییە و خۆشی نوح. لە حەژمەتان چاوەکانی دەنووقێنێت، وەلێ کە چاو دەکاتەوە، دەبینێت لافاو نیشتۆتەوە و تا حەناس گامێشەوانەکانی کردووەتە زەوییەکی کاکی بە کاکی. هەر ئەو شەوە میکایل برۆش خەون دەبینێت و بەدەم گریانەوە ڕادەپەڕێت، ئیدی نازانێت ئەو ڕوندکی حەسرەتەی بۆئەو نیوە سەربردەیە ڕشتووە،کە باپیرە لەگەڵ خۆیدا بردییە بن گڵەوە، یان لەو ترسەوە بووە، نەبادا داپیرەش زمانی نەکرێتەوە و بەدەردی باپیرە نیوە سەربردەکەی دیکە دەگەڵ خۆی ببات!!

* * *

لەگەڵ ڕژانی گزنگی حەوتەمین ڕۆژی دوای سەرهەڵدانی دوو کەفە سپییەکە بێ ئەوەی گوێ بۆ لێدانی دەرکە هەڵبخەم و بڵێم «ئەوە کێیە؟» لە دەرکەی واز کراوەوە دووی ئەڵهای دیدار کەوتم، دەمزانی سەدانی دیکە هەریەکە و وێردێکی لەسەر زارە، هەرکەسە و قەدەری خۆی لەو حەرفانەوە دەبینێت، کە لە زاری داپیرەوە هەڵدەوەرین، وام زەن دەکرد ئەوەی گوناهێکی کردووە لەگەڵ ئەو وشانەدا بە حەوت ئاو دەشۆرێنەوە، ئەوەی لەناوەختدا پیر بوو بوو، دەبێتەوە جحێڵەکەی جاران، ئەوەی بە بۆن کەوتبوو و جەستەی تلۆتلۆ بوو بوو، کاژفڕێ دەدات و گۆشتە زیندوو دێنێتەوە. ئاوها هەزاران غایلە یەکانگیر بوون و بەدەوری خێوەتە خارچک ئاساکەدا خەرمانەیان دا. هەزاران پەڕندەی نیاز لەنێو حەشاماتەکەوە هەڵفڕین و لەوێ لەسەر بەردەکە لەگەڵ داپیرەدا یەکانگیر بوون؛ «یەژی ئەم داپیرەیەم دیگە، ئەرێ خۆ ئەوە کوێستانە! ئەها ئەو کوێستانەی کە ڕۆژی حاویج بوونی کلاوڕەشەکان ئەو بزربوونەی بزربوو، ئیتر کەس نەیدیتەوە؟!»، «وەی کوێستان! هەموو نێرینەی شارت والحی خۆت کرد و لە خوامراد کەڵەوی زیاتر دڵت بەنێرینەیەکەوە نەنووسا!»، «کوێستانێک ئێستا سڕ و سوقانیشی نەماوە، ئیتر بۆ ئازاری ڕوحی دەدەن؟! بنیادەم مرد، شەیتان دەستی لێ دەشوات!».

ئەمێستا داپیرە لەنێو خەرمانەی تەمێکی سپی خۆی دەنواند، لەسەر پێ تەمەکەوە ڕووناکییەکی کاڵ دەردەکەوت و نیوە کۆلکە زێڕینەیەک کە شتێکی دوای گەواڵە بارانی بەهاری دەنواند. چاوەکانی داپیرە دوو گوڵە ئەستێرە بوون و لە شوێنێکی نادیاردا ورشە ورشیان

بوو. هەر لەو دەمەدا سێبەرێک چون بنیادەمێکی دەمامکدار بەسەر داپیرەدا خۆی لارکردەوە و چەند جارێک لێوەکانی بزواند؛ «داپیرە مەترسە. تۆ ئێستا لەسەردەمی ئێمەدایت؛ سەردەمی ئێمە کەسێک ناوی کلاورەشی نەبیستووە، ئەوانەشی دەیانزانی بیریان چووەوەوە، مەترسە داپیرە، مەترسە...!».

داپیرە بینێکی خواردەوە و زمانی پژا؛ «خوامراد، تۆ لە کوێیت؟ هەر خوا دەزانێت لە کەیەوە چاوەڕێت دەکەم، سومای چاوەکانم داهات ئەوەندە تەماشای ئەو تاریکی و ڕووناکییە بکەم، کە ڕژانە ناو ئەو کۆنە بیرەی کە تیایدا حەشارت دام. قوڕگم زیوالٚ زیوالٚ بوو هێندە چاوەڕێی ئەو قومە ئاوە بکەم کە تۆ بۆم بێنیت. خوا مرادەکەم.. من تەمەنێکم لەشەو بردەسەر، جگە لە ناوی خۆم و تۆ و خوامرادی بچووک ناوی کەسی دیکەم لەبیر نەماوە. هەندێ جار ناوی ئەمانەشم بیردەچنەوە. ئاخر چەندین شەو مەژگی خۆم گوشیوە، ئینجا زانیومە تۆ خوامرادی گەورەیت و منیش کوێستان، ئەو پیرو زورهانەی تەنیشتیشم خوامرادی بچووک. عەیامێکە کەسێک بانگی نەکردووم: کوێستان!! خوامرادی گەورە خۆ تۆ هێشتا ئەم پیر و کەنەفتەی تەک منت نەدیوە و ناویشی نازانیت، ئەم خوا مرادە بچووکەی کە لە پشتی تۆ و لە هەناوی من بەربۆوە!- ئێی هەموو تەمەنی لەتاریکی پیر کرد و ئێستاش زمانی نەکرایەوە- خوامرادی گەورە، ڕەنگە ئەو ڕۆژەتیش بیر نەمابێت کە پەلت گرتم و ڕاتفڕاندم؟ بەدەم ڕێوە خێراخێرا دەت گوت: پێ هەڵگرە کوێستان پێ هەڵگرە. خەمت نەبێ لە شوێنێکی وات تەقەت دەکەم، نەک کلاورەش تەنانەت شەیتانیش ڕێی پێ نابات. دەی پەلەکە، ئەو جوانییەی تۆ بەلای سەری هەردووکمانە! گوێی شەیتان کەڕ بێت، نا.. نایڵێم، زمانی خۆم دەبڕم و نایڵێم. ئاخر چۆن شتێ بەدەممدا بێت، کە مایەی کوێرایی چاوەکانمە!؟ ئاخر کوێستان ئەو کلاورەشانە، ئەو بەدمەزەبانە هەر بۆ خەساندنی من، بۆ زەلیلی نێرایەتی من.. نا، نایڵێم و زمانی خۆم دەبڕم.

خوامرادی گەورە، ئێستاو ئەوساش هەر نەت وت. ئێ خۆ من دەمزانی ئەوەی ناتەوێ بیڵێیت چییە! دەمزانی ئاگرێکت تێبەربووە و ئاگرەکەش من بووم و دەم سووتاندیت، بۆیە بووبوویتە ئەو گەردەلوولە و لەگەڵ خۆتدا هەڵت دەپێچام. دەت وت: دەتبەم لەنێو کارێزە کوێرەوەبووەکەی نێو هەڵەتەکانی دوحێلە تەقەتت دەکەم و خۆم دەگەڕێمەوە. زۆرم تینووە کوێستان، بەخوێنی کلاورەشی ئەم دنیایە ئایم ناشکێت. خەمت نەبێ هەموو شەوێ کە تاریک داهات سەرت لێدەدەم و برسی و تینووت ناکەم. پێت دەوتم: کوێستانەکەم، دەزانم لەسەر مانگ و ڕۆژی خۆتیت. دەبا ئەوەی لە پشتی من و هەناوی تۆ بەردەبێتەوە، لە تاریکی ئەو کارێزەدا لەسەلای گریانی ناقایلی بدات. لەوێ دەنگی گریانی کەس ناگاتە کلاورەش. کارێزەکە بە ئەمەکە و هەر کەسێ پەنای بۆ ببات، دەنگەکەی هەڵدەمژێت. ئێستا هەزاران دەنگ، دەنگی ئەوانەی لە دۆزەخی جەنگە نەبڕاوەکانەوە هەڵاتن، دەنگی ئەو کیژە عاشقانەی کە بەزەبری خەنجەر پرچی سپییان بەدیار پیرەمێردێکی چلێسەوە سپی کرد، ئا... ئێستاش لەو تاریکییەدا دەزرینگێنەوە. کوێستانەکەم.. کارێزە کوێرەوەبووەکە ڕازی هەزاران عاشقی بێدالٚدەی پاراستووە، هەزاران جوانی وەکو تۆ بەدەم بەرەژانەوە ڕوویان تێکردووە، لەوێ وەک ئەوەی موویەک لە ماست دەربێنیت کۆرپەکەیان لێ بووەتەوە. دەی پێ هەڵگرە، تۆ لەوێ بە تەنیا نیت، لەنێو هەزاران دەنگدایت، فریشتەی خودا خۆییانە دەورت دەدەن و ئازارت سووک دەکەن، دەی پێ هەڵگرە.

هێی خوامرادی گەورە... وا جارێکی تر هەوای سەر زەمینم بەر دەکەوێت و تۆ دیارنیت.. ئێستاش نازانم چ دەستپێک من و خوامرادی بچووکی لە تاریکی بن زەوی هێنایە سەر زەوی. نازانم لافاو بوو، یان دەنگەکانی نێو کارێزەکە!. ڕەنگە بیرت چووبێت ئەو ئێوارە درەنگ وەختەی، کە شۆڕت کردمەوە ناو کۆنە بیرەکە و گوتت: کارێزەکە لەم کۆنە بیرەوە دەست پێدەکات، هەر بەم بن گەوەڕەدا بڕۆ تا دەگەیتە تاریکی. لەوێ دانیشە و خەمت نەبێ، هەر ئەمشەو دەگەمەوە لات، هەر ئەو ڕۆیشتنە بوو و نەگەڕایتەوە. دەزانیت هەر لەدوای تۆ ڕەوە کۆترە شینکەیەک بەفڕەفڕ هاتن و لە نزیک منەوە هەڵنیشتن و دەستیان بە گمەگم کرد. هەر لەو دەمەدا هەزاران دەنگی هەمە جۆرم دەبیست، کە تێکەڵی گمەی کۆترەکان دەبوون و ئاوەدانییەکیان دروست دەکرد. بەردەوام چاوم بڕیبووە ئەو شوێنەی کە شۆڕت کردمەوە، هەر لەوێوە دوو جار تاریکی و جارێک ڕووناکی ڕژانە نێو کۆنە بیرەکە و، ئەوسا زانیم ئەوا شەوی دووەمیش داهات و تۆ هەر نەهاتیت! لەناکاو ژانێکی تیژ سەری کردە هەناوم و زمانم لە گۆ کەوت. لەو دەمەدا گوێم لەسەدان دەنگ بوو، دەنگەکان تا دەهات لێم نزیک دەبوونەوە و بەگوێم ئاشنا دەبوون، هەستم دەکرد خاوەنی دەنگەکان دەوریان داوم و دۆستانە یەکێ سەرمی لە ئامێزگرتبوو، یەکێ عارەقەی تەوێڵمی دەسڕییەوە، یەکێ بە میهرەبانییەوە دەستی بە زگمدا دەهێنا. هەستم کرد سەراپای جەستەم نیشتووەتە سەر عارەق و لینجییەکیش لەنێوان ڕانەکانم هەڵدەپلکا.

کە دەستم درێژ کرد، مەلۆتکەیەکی نێرینە بەدەستمەوەهات، بەبێ ئاگا بانگیم کرد: وەرە خوامرادی بچووک، وەرە ئامێزم. ئیتر لەوەولا نەمزانی ئەوانەی وا بە دەورمەوە بوون، کەی هاتن و کەی ڕۆیشتن. ئیدی من دوو خوامرادم هەبوون؛ خوامرادی گەورە لە ڕووناکی و خوامرادی بچووک لە تاریکی (هێی خوامرادی بچووک... لە تاریکی چاوت هەڵێناو هەر لە تاریکیشدا لە پڕ پیر و کەنەفت بوویت).

خوامرادی گەورە، هەر دوای ئەوەی خوامرادی بچووک لە کۆشم بەربۆوە، تینوێتی بوو بە ئاگرێک و لە هەناوم بەربوو، بۆیە ڕووم کردە کۆترە شینکەکان و پێم وتن: ئامانەتی ئێوە و خوامرادی بچووک. تینوێتی ئاگری تێبەردام. وەک خشۆکێک بە دامێنی خوێناوییەوە خۆم بکێش کرد و ملم نایە تاریکی دەهنەی کارێزەوە. لەپڕ ڕۆشنایی کڵاو ڕۆژنەیەک دایچڵەکاندم. لەو دەمەدا لەو کڵاوڕۆژنەیەوە تۆم دەبینی، سەرت هێنابووە ژوورەوە و پێت دەوتم: کوێستان، ئاگات لەوە نییە ئێستا ڕۆژە، ئاخر هەر ئەوەندەت خۆشە کڵاوڕەش سۆسەیەکت بکەن، ئەو دەمە.. ئاخ کوێستان! هەر ئەوساتە منیش وتم: خوامراد ئەوە من نیم پەیمانم لەگەڵ تۆ و تاریکیدا شکاندووە، ئەوە ئاگرەکەی هەناوم و تینوێتییە پەیمانەکەیان شکاند. ئیتر کڵاو ڕۆژنە بوو بە شەیتان و چووە بن کلێشەمەوە: دەی ئەوەتا کارێز و ئاوەڕۆی شار هەر هەنگاوێک لەولاتەوە یەکانگیر دەبن، دەی ئەوە ئاوە و بینی پێوە بنێ. بینم پێوەنا و ئاگرەکەم کوژاندەوە.

خوامرادی گەورە.. لەو ساوە تا ئێستا من گوناه لە خۆم باردەکەم، گوناهێک بە هەموو دنیا هەڵناگیرێت. ئاخر من پەیمانم لەگەڵ تۆ و تاریکی شکاند. قورسایی گوناه کردمی بەجرجە کوێرەیەک و بە وردە نان و پاشماوەی خۆراکی نێو ئاوەڕۆ جەستەی خۆم خافڵاند و تەڕاییەکیشم لە مەمکە چەقەکانم بەخوامرادی بچووک بەخشی. نازانم، خوامرادی گەورە ئێستا من لە کوێم!؟ ئەی تۆ لە کوێیت!؟».

ئەمێستا داپیرە سەری بەسەر سنگیدا لار بووبووەوە، ڕووناکییەکی کز ڕەنگی پەڕیوی پیشان دەدا. یەکێ لە تەنیشتمەوە پرسی: ئەرێ ئەوە کێ بوو قسەی دەکرد؟

وتم: کوێستان.. ئەها ژنە جوانەکەی خوامراد کەڵەوی... ئەنفالەکەت بیر نەماوە!؟

**شوبات و ئاداری (٢٠٠٥)**